

## شێرزاد حەسەن (چیرۆکنوس)، بۆ "ڕەخنەی چاودێر:

# نووسەران دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەکیان خامۆشو بێدەنگە، بەرەیەکیان هیچ نەماوە لەسەر مندالی خۆیو گەنجییەتیو بگرە مێژووی بنەماڵەکەیشی نەگێڕێتەوە

**سازدانی: ئاسۆ هاشم**

**بەشی یەکەم**

"تەنیایی منی فڕێداوەتە ناو نووسین - بۆیە بۆ نووسین کەس قەرزداری من نیە گەر بپرسێت بۆ دەنووسیت؟ وەک ئەوە وایە بپرسیت بۆ هەناسە دەدەیت؟ دەگریت پێدەکەنیت. لای من نووسین هاوارێکە یان ئارەقە کردنەوەی ڕۆحە. خۆشترین شت لەچیرۆکو ڕۆماندا بۆ من گەمەی فەنتازیایە سەرلەنوێ زیندوکردنەوەی خەیاڵی ئەو مندالەیە هەر زوو گەورەکان کوشتیان" (شێرزاد حەسەن).

دەرککردن بەم هەموو کێشەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەوە ژیانی کۆمەڵی کوردی پیشاندانی ژیاری کوردەواری بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو بێ درۆو لەڕێگای فەنتازیاو لەڕێگای ئەدەبەوە هەمووانی سەرسام کردوە، ئاخر ئەوە تەنها قسەی من نیە کە دەڵێن لەچیرۆکەکانی (مامۆستا شێرزاد) خۆت دەبیت بەکارەکتەر (دەبیت بەبایز، دەبیت بەفەرهاد، دەبیت بەکوڕە گەورەکە، دەبیت. دەبیت. دەبیت).

دەزانی بۆ هەر یەکێک لەئێمە دەبێت بەکارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکان، مامۆستا ڕاستگۆیانە باسی ئێمەی کردووە، ژیانی ئێمەی خوێندۆتەوە، هەموو ئەو بەها کۆنو داڕزیوو سواوانەی کۆمەڵی لەڕێگای ئەدەبەوە بەئێمە ئاشنا کردووە. کە مامۆستا شێرزاد خۆشی بەشێکە لەم کلتورەو قوربانی ئەم جۆرە پەروەردەیەیە، بەڵام ئێمە جگە لەخوێندنەوەی چیرۆکەکانی و هیچ چارەیەکمان پێ نیەو دۆش دادەمێنین. جگە لەدرۆیەکی گەورە لەگەڵ خودی خۆمان.

تاکو ئێستا پیاو سالاری وەک قەفەزێکی ئاسنین یان (حەسار)ێکی گەورە کە هەمووانی بەند کردووە کەتا هەنووکە نە ئەو قەفەزە شکاوە نە ئەو حەسارەش ڕووخاوە، جەستەمان دەخوات مامۆستا لەم دیدارە بەرفراوانەی ڕەخنەی چاودێردا: ئەگەرچی هەوڵی زۆرماندا لەگەڵی تاکو ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەم دیدارە بەرفراوانە پیشاندا. بەڵام جیا لەهەموو دیدارە ڕۆژنامەوانیەکانی تری مامۆستا کۆمەڵێک نهێنی تایبەتی ژیانی بۆ ڕەخنەی چاودێر دەخاتەڕوو، باسی پەروەردەی خێزانی کوردی دەکاتو لەخێزانەکەی خۆیانەوە دەست پێدەکات لەباوکیەوە کە وەکو هەموو پیاوێکی ئەم کۆمەڵگایە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ مندالو خێزانەکانیان کردووە. باسی جیاوازی چینایەتی دەکات کە لەمندالی ئەودا بوونیان هەبووەو لەگەڵی ژیاوە، جیاوازی لەنێوان منداڵانی گەڕەکی (کورانی) هەژار نشینی شێرزادو گەڕەکی (ئازادی) خوا پێداوەکان، کە تەنها شەقامێک ئەم دوو گەڕەکە لێک جیادەکاتەوە، جیاوازی هەندێک مامۆستاکان لەنێوان منداڵانی (کوران) و (ئازادی).

شێرزاد لەکوێ بەرهەمە ئەدەبیەکانی پەنجە لەسەر جەستەی برینداری ژن دادەنێتو گریانێکی شاراوەیان بۆ دەکات وەک هەر کەسێکی مرۆڤ دۆستو جوان ناس ئەو زۆر ڕەش بینانە باس لەنەبوونی دادی کۆمەڵایەتی دەکات لەکۆمەڵی کوردیدا. لەکۆی بەرهەمەکانیدا درک بەوە دەکرێت کە هیچ جیاوازیەک ناکات لەنێوان شارنشینو گوند نشین، پێی وایە لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان هەمان دیدو بۆچوونیان هەیە، ئەو ئەگەرچی ئێستا سەرقاڵو سەرگەرمی ریفۆرمە لەبواری پەروەردەداو داڕشتنی سەر لەبەری سیستەمی پەروەردەیە.

لەسەرەتاوە حەزی دەکرد لەسەر سیستەمی پەروەردە قسە بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ لەژمارەکانی ئایندەدا لەسەر ئاستی زانستیو مەعریفی زانکۆو باس لەچاکردنی سیستەمی پەروەردەو زەرورەتی چاکترکردنی ئەم سیستەمە دەکەین.

**ڕەخنەی چاودێر: بەپرسیارێکی سادە دەست پێدەکەم: مندالێت چۆن بەسەربرد، لەهەولێر، لەخێزانێکی هەژارو گەڕەکێکی میللیداو دەنێو کەلتوورێکی داخراودا؟**

شێرزاد حەسەن: پێشتر، لێرەو لەوێ، لەمیانەی دیداری دیکەدا، کەمو زۆر لەم سەردەمە دوورو دێرینە دواوم. هەموو کەسێک لەئێمە، ئاگادار بێتو یان بێئاگا ناچار دەبێت جاروبار ئاوڕێک لەو ڕۆژگارە خۆشو ناخۆشانەی مندالی بداتەوە، بەڵام سەبارەت بەنووسەرو هونەرمەند زۆر جیاوازترە، چونکە مندالی کانگایەکی دەوڵەمەندە بۆ کردەی داهێنانو نووسین. خودی داهێنان بۆ خۆی گەڕانەوەیەکە زۆرەملێیە یان زۆردارەکییە بۆ قۆناغی مندالی، خاوەنی ڕستەیەکی لەم جۆرە یان رامبۆیە یان بۆدلێر -ە، نەک هەر هونەرمەندو نووسەران، بەڵکو ئەوانەی کەسەروکاریان لەگەڵ فیکرو فەلسەفەو دەروونناسیو باقی زانستەکانی دیکەشە، بێ گەڕانەوە بۆ مندالی کاری نەکردەو نەشیاوەو هیچیان پێ ناکرێت. بێ خوێندنەوەی مندالی هەر مرۆڤێک، تەندروست بێت یان نەخۆش، گەدا بێت یان پادشا، داهێنەر بێت یان کەسێکی ڕەشۆکی مەحاڵە بتوانیت لەژیانی ئەمرۆکەی تێبگەیت، گەورەترین پانتایی لەژیانی ڕۆحیو فیکریو مۆراڵی هەرکەسێکدا جوگرافیای مندالی داگیری کردووە،

شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزەکان (وێردز وێرس) گوتوویەتی "مندالی باوکی پیاوە".

گەر لەشیکاری ڕۆحی و فیکری دووربکەوینەوەو بگەڕێمەوە سەر ئەو قۆناغەو بەزۆر بمەوێت وردەکارییەکانی باس بکەم، بۆ من کارێکی ئەستەمە. بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە لەتو کوتی ئەو مێژووە لەنێو هەندێک لەچیرۆکەکانم ئەو چەند دەقە درێژەی نووسیومن دەدۆزیتەوە، بۆ منیش چیرۆکەکان زیندووترن لەسەر گوزشتەو یاداشتەکانو خودی ئەم دیدارەش، چونکە دەنێو ئەدەبی داستان ئامێزدا نووسەر دەتوانێت ڕەسمی ڕۆحی بریندداری خۆی بکات، من هەمیشە ویستوومە ڕەنگی ئەو خوێنو خەمە لەسەر کاغەزەکانو نێوان دێڕەکاندا جێبهێڵم، گەر توانیبێتم یان نەمتوانیبێت، ئەوەیان دواجار خوێنەرەکانی بڕیاری لەسەر دەدەن، نەک نووسەرەکە خۆی. چونکە دەسەڵاتی خوێنەرگەرزانا بێت یان کاڵفام دەسەڵاتێکی بنەبڕو بێکۆتایە، چ نیاز پاک بێتو چ بەدنیهاد.

بەقەد ژمارەی خوێنەرەکانت، تۆ زیندوویت یان مردوو، وەک نووسەر تەنها کەسێکیت، بەڵام دەقەکەت سەدەها جۆر ژیانی ڕەنگو ڕەنگی خۆی هەیە. هەر دەقێک خاوەنی ڕۆحێکی زیندوو یان مردووە، دەقەکان هەمیشە جوگرافیاکانو سەردەمەکان دەبڕنو سەفەر دەکەن، دەق هەیە باڵدارەو دەقیش هەیە بەبێ باڵی دەمرێت.

نووسەران دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا، بەرەیەکیان خامۆشو بێدەنگە، بەرەیەکیان هیچ نەماوە لەسەر مندالی خۆیو گەنجییەتیو بگرە مێژووی بنەماڵەکەیشی نەگێڕێتەوە، شێوەی کارو داهێنانی، نوشوستیو سەرکەوتنەکانی، ترسو شەرمو گشت دەردە دڵو گرێکانی، کەچی ئەو نووسەرانەی خامۆشنو هیچ لەنهێنی ژیانی خۆیان ناخەنە بەرچاوان، بڕوایان وایە کە دەقەکان بۆ خۆیان قسە دەکەن، ئەوان جگە لەدەقەکانو کارە هونەرییەکان قسەیەکی دیکەیان بۆ دونیا نییە، (دی. ئێچ. لۆرانس) واتەنی: هەرگیز بڕوا بەنووسەر مەکە، بەڵام بڕوا بەچیرۆکەکانی بکە!

**من نووسەرێکی بێ بەهرەو توانام، هەموو جار ئەوەم وتووە، چونکە هێشتا نەمتوانیووە گوزارشت لەخەمو کارەساتی ناو ماڵەکەی خۆمان بکەم.. هەرچیم کردووە جگە لەگەمەی نووسینو هەوڵێکی ناکامڵو شەرمنانە هیچی دیکە نین**

خەمی نووسین بۆ من تەنها هەوڵێک بووە بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی مندالی، دەرچوون بوو لەکۆڵانێکی تەنگەبەرو پڕ پوڕو چڵپاو، دەق نووسینەوە بۆ من ترسێک بوو لەو تاکە ژوورەی کە جگە لەدایکو باوک (١١) مندالی سەرکەو بنکەی تێدا پەروەردە بوو، ژیان لەتاکە ژوورێکدا بۆماوەی (٢٠) ساڵ، پڕ لەهەراو شەڕو ئاژاوەو چڕە دووکەڵی جغارەکانی دایکو باوکو شەڕە جنێو، جگە لەهەقایەتی جەهەننەم دەبێت چی بێت. من لەیادمە هەر هەموومان دوای باوکم دەبوو نان بخۆین، لەناو لەگەنێکی گەورە کە دەبوو زۆر فریای بکەوین کێ زۆرترین پارووی بەردەکەوێت، هەمیشە خوانی ئێمە خاڵیو مەمرەو مەژی بوو، نانە سکێ بوو، نووسین بۆ من هەمیشە گەڕانەوە بوو ئەو ڕۆژگارانەی دارو دیوار ڕەنگی خەمو قەهرو کەسەرو قیژەو هاواری گرتبوو، هەمیشە تاکە خەمی من ڕاوکردنەوەی ئەو فرمێسکانە بوون کە خۆمو براو خوشکەکانم دەمانڕشتن، دایکمان غەمگینترین (مایسترۆ)ی ئەو شینو شەپۆڕە بوو. قسەکردن لەسەر مندالی بۆ من وەک ڕاکێشانی جەستەی بریندارمە بەسەر دڕکو داڵدا، بەسەر بزماردا. ترسی هەمیشە لەتووڕەبوونی لەناکاوو هەڵچووی باوک لەسەر هیچترین بڕوبیانوو، هەتا لەسەر بێدەنگیو ترسو خامۆشیو پێکەنینو گریانێکی خنکاودا، درەنگتر کە گەورە بووم تێگەیشتم کە دۆڕانی بەردەوامی ئەو پیاوە لەژیانو لەسەر مێزی قومارەکان بەس بوو بۆئەوەی هەمیشە کەلاوەکەمان سەر بەکوورەو گەڕەکەکانی جەهەننەم بێت. قسەکردن لەسەر ئەو ڕۆژگارە وێنەی کابرایەکی (ماسۆشی) دەبەخشێت بەمن کەحەز لەڕازاندنەوەی ئازارەکانو دەردەکانو ڕۆحی چەوساندنەوە بکات. ئەو کوڕە نۆبەرەیەی ناو نۆڤلێتی - حەسارو سەگەکانی باوکم - کە نەخشەی کوشتنی باوکی لەخەیاڵدا گەورە دەبێت، ئەو ماندووبوونو ڕاکردنە ئەبەدییەی بەدەست سزای خەونی کوشتنەکەوە دەیچێژێت: هەقایەتی خۆمو ژمارەیەک لەهاوڕێکانمە، ئێمە لەگەڕەکی (کلگەند) و (کوران) کۆمەڵێک منالو هەرزە بووین کە هەریەکەمان بەجۆرێک هەقایەتێکی ناشیرینی هەبوو.

ئەوەی کە لەبیرم مابێت گواستنەوەی باوکم بوو وەک پۆلیسێکی سواری لەهەولێرەوە بۆ (ڕواندز)، لەو شارۆچکەیە چوومە قۆناغی سەرەتایی، بۆ من هەمیشە ڕواندز بۆتە هێلانەی یەکەمم، ئەوەی کەغەمگینی کردم

**خەمی نووسین بۆ من تەنها هەوڵێک بووە بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی مندالی، دەرچوون بوو لەکۆڵانێکی تەنگەبەرو پڕ پوڕو چڵپاو، دەق نووسینەوە بۆ من ترسێک بوو لەو تاکە ژوورەی کە جگە لەدایکو باوک (١١) مندالی سەرکەو بنکەی تێدا پەروەردە بوو**

گەڕانەوەی ئێمە بوو لەو شارۆچکە دڵگیرەوە بۆ هەولێر، هەڵبەتە ئەو خەمە لەرۆمانی - تەمی سەر خەرەند - دا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو شارۆچکەیەیەو خەرەندە سیحراوییەی کە ماڵی ئێمەی لێوە نزیک بوو بۆ من سەرچاوەی سەرەتای تەقینەوەی سیحرو گەورەترین ئەفسوونو خەیاڵپەروەری بوو، لەمەکتەب کە ڕۆحم داغان دەبوو، جوانی ئەو سروشتەو بەو هەموو ڕەنگو دەنگەوە دەیەها پرسیارو سامی لەڕۆحمدا دەخولقاند، بەتایبەتی خەرەند، عیشقی هەمیشەییم بۆ سروشت، بۆ خاکو ئاووهەواکەی هەر لەوێوە دەستی پێکرد، ساڵانە چەند جارێک دەچمەوە ئەوێندەرێ، ئەوە (حەجی) ڕاستەقینەی منە، دەتوانم بڵێم ئەو شارۆچکەیە هێلانەی یەکەمی منە، من وەک شوێن کەمەندکێشی ئەو داروبەردەی ئەوێم، ڕەنگە خۆشترین ساتە کورتەکانی ڕۆژگاری من تێرانمو سەرسامیم بوو لەسەر ئەو خەرەندەی کۆلارەکانی ئێمەی هەڵدەلووشی، هەر لەوێدا هەموو مەلو ئاژەڵە کێوییەکانم ناسی، چەمو ئەشکەوتو شاخو ئاسمان، جوانترین پیاو کە حەسارێکی چکۆلەی هەبوو کە بە (مام پڵنگ) ناودار بوو، لەخەیاڵی مندا پیاوێکی ئازا بوو کە بێزی نەدەهات کەوو کەمتیارو کەڵەکێوی ڕاو بکات، بەڵکو هەمیشە ڕاوکردنی پڵنگێک تا دوورترین هەڵەمووت دەیبرد، ئەوە دەکرێت هەقایەتێکی درۆ بێت یان ڕاست کە من لەدایکمو ژنەکانی دیکە دەمبیست.. ئێمە کرێگرتەی تەنها ژوورێک بوین لەو حەسارەی مام پڵنگ.

هەر لەوێدا بوو کە فەرمانڕەوای پادشایی نەماو عێراق بوو بەکۆماری، سەرەتای بزافی چەپو کوردایەتیم بینی، چەند جارێک ئێمەی منالانیان دەبرد تا بکەوینە دوای ڕێپێوانی گەورەکان لە (گەردە گەرد)ێ هەموومان گرد دەبووینەوەو بیرمە پیاوەکان هاواریان دەکردو هوتافیان دەکێشا، بەدرێژایی ڕێگاکە لەباوڵە چکۆلەکانی خۆمان دەدا کە لەتەنەکە دروست کرابوون.

ئیتر وایلێهات کەمترین وەخت باوکم ببینم، ئەوەندەی کە لەیادم بێت دایکم دەیوت: باوکت چوویتە ئەو شاخانەو (ئەشقیا) بگرێت، بۆ من قورس بوو لەوشەی (ئەشقیا) و ئەو ئەرکەی بابم تێبگەم، درەنگترو کە گەورە بووم زانیم (ئەشقیا) کەسێکە هەڵەتەو هەڵگەڕاوە لەدەوڵەت، ڕێکدەکەوێت ئەو کەسە گرفتو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێتو ئاوەدانی جێبهێڵێتو ئەشکەوتو کونە شاخەکان بکاتە ماڵی خۆی، لای هەندێک کەس هاو-واتای چەتەیە!

ئەوەی کە لەبیرم بێتو لەڕۆحما یادێکی تاڵی هەڵکۆڵی، بزربوونی باوکم بوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەجۆرێک کە هاوەڵەکانی خۆم دەبینی هەندێک جار بەرەو پیری باوکیان دەچوون کە لەگەشتو ڕاوو کار دەگەڕانەوە، حەزێک بەقەد خۆم چکۆلە لەدڵمدا چەکەرەی کرد کە منیش سایلی ئەوان لەباوەش بکرێمو ماچ بکرێم.

وەلێ لەهاتنەوەیەکی لەناکاوی باوکمدا، بەخۆیو ئەسپە بۆرەکەی، لەسیلەی کۆڵان دەرکەوت، لەهاتو هاواری منداڵەکانو دەنگدانی ژنو پیاوەکان دەرو دراوسێو لەخەندەی پانی سەر ڕووخساری دایکم تێگەیشتم کە ئەوە باوکمە، چەندی خایاند بوو ونبوونەکەی نایزانم، بۆ کوێ چوو بوو؟ بۆچی چی بوو.. بۆ ڕاوکردنی (ئەشقیا) یان هەر شتێکی دیکە؟ نەمدەزانی..

ئەوەندەم لەیادە کە بەرەو پیری چووم، بەپۆستاڵەکەی سەرە سمێکی سرەواندە سنگوڕکموکەوتم، نە ئەوساو نە ئێستاش تێناگەم ئەم یەکەمین یەکدی ناسینەمان بۆ ئاواهی بوو. ئەوەندە دەزانم کە بۆ من هەر لەوساوە تا هەنووکە خولقاندنی غوربەتێکی گەورە بوو، کە بەردەوام وای لێدەکردم کە بەدزییەوە بۆنی جلەکانی بکەم، بەڵام بۆ هەمیشە ئاشنا بووم بەبۆنی سینەو بەرۆکی دایکم، هەمیشە ناسینەوەی دایک بەدەنگو بەڕەنگو بەبۆن ئاسانترە لەناسینەوەی باوک، ئەوەی هەرگیز لەیادم ناچێت بەو تەمەنە ساوایە مەرگی لەناکاوی خوشکێکم بوو، یەکەمین پرسیاری مەرگ بۆ من مەرگی (نەسرین) بوو کە شڵەژاندمیو ترساندمیو ڕۆحی دەرکردم، دایکم زوو زوو دڵی دەدامەوەو دەیزانی کە دەترسم، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسە دەیوت - خوشکەکەت لەبەهەشتی خۆشی خودا لەو عاسمانەی بوویتە پەپوولە، بەجۆرێک بەهەشتی بۆم دەڕازاندەوە کە ئیتر وای لێبێت بەغیلی بەخوشکەکەم ببەم کە خودا بۆ خۆی بردەوە، هەمیشە دایکم دەیوت: گەر خودا کەسێکی خۆشبوێت، زوو دەیباتەوە کنەخۆی! ■



چیرۆکنوس شێرزاد حەسەن فۆتۆ: سۆران



وێنەیەکەی شێرزاد حەسەن لەسەردەمی مندالێدا